www.kurdistannet.org
27-4-2006 16:10 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## گۆرانی و كلیپ بۆ بێدەنگی!!! ... سەردار جەمال

دیاردەی كلیپ و گۆرانی كە دەركەوتەی ناو جیهانی مۆدێرنیتەیە، لەگەڵ خۆیدا هەڵگری پەیامێكە بۆ گەنج كە دەستەمۆو بودەڵی ئەكات بەرامبەر بە دەسەڵات و هەموو ئەو كەم و كوڕیانەی كە هەیە.
پارتە كوردیەكانی دەسەڵاتیش وەك و ئەوەی هەر وڵاتێكی تۆتالیتاری سیاسەتێكی دەمكوت كەری هەیە بۆ نمونە سەدام هێزو چەكی بەكار دەهێنا ئێران لەپاڵ هێزو چەك بڵاوكردنەوەی تلیاك و موخەدەرات... هتد پارتە كوردیەكانی خۆشمان لە پێناوی بی ئاگایی كردنی گەنجەكانمان و سەرەڕۆ كردن و ئاگادار نەبوون لە ڕەوشی ژیان و تێ گەیشتن لە ئازادی و مافە مەدەنیەكان هەروەك و وڵاتانی عەرەبی خاوەن ڕۆتاناو میلۆدی گرتویانەتە بەر هەموو بەرنامەیەكیان بۆ بێدەنگی گەنجەكان و دەستەمۆكردن و ئاگادار نەبوون لە مافەكانیان ڕێگای بە كلیپ كردن و پاڵپشتی كردنی ئەو هونەرمەندانەیان گرتوەتەبەر كە لەپاڵ هونەرەكەیان یاری بەجەستەی ئافرەتانەوە ئەكەن و ئافرەت لە كلیپەكانیان پێناسەی سێكس و سۆزانیە، ئەمەش باشترین تلیاكێكە كە گەنجەكانی پێوە خەریك كردوە تاوەك و نەڕژێنە سەر شەقام و چاویان ئەو هەموو ناعەدالەت و نایەكسانیە نەبینێت كە دەزگا حكومیەكانی گرتوەتەوە هەربۆیەش ڕێكلام كردن بۆ دەنگدان بەو كاسە لەسەرو پارە خۆرانە ئەسپێرێت چونكە دەزانێت بەهۆی ئەوانەوە گەنجەكان بێ ئاگان لەو هەموو تاڵانی و گەندەڵیەی كە بەر پرسە نا پەرپرسەكان بە میللەتەكەمان ئەیكەن، بەڵام ئەوە قەڵەمەكەی كاكە عومەر فارس ناخمانی هەژاندو بەهۆی ئەوە وە هاتینە قسەو بە ئەو پەری ناخێكی توڕەو یاخیەوە بە ناهونەرمەندان و بادەرانی ناو دیسكۆو پارە دزی ئەو میللەتە بۆ سۆزانیە توركەكان دەڵێن وا گەنجتان لی بەئاگادەهێنینەوە لەجیاتی ئەوەی ئەمجارە ماچی كاڵفامی و نەزانیتان لی بكەن ئەمجارە تۆپەڵێك پسیایی بە سیدی و گۆرانیەكانتانا ئەكەین، ئەی دەسەڵات تۆش هاكا گەنج تێگەیشتوو بە ڕوتا تەقیەوە.